


## بڕیارەکەی پارێزگار

هەر حكومەتێك كەوتە گرتن‌و ڕاوەدوونان‌و نانبرینی خەڵك، لەسەر داواكردنی مافێكی ئاسایی وەك بوونی ئاوو كارەباو شوێنی دانیشتن بەرەو دیكتاتۆری هەنگاو دەنێتن، جابا تاسبیانێ جاڕی دیموكراسی‌و مافی مرۆڤ بەخەڵك بفرۆشێتەوە. لەڕۆژی 2006/8/11و لەكاتی نارەزایی دەبڕینەكەی خەڵكی سلێمانی ئەوەی كەحكومەت ناوینا منداڵە وركەو ئاژاوەچی‌و دەستی دەرەكی، كۆمەڵێك گەنج گیران‌و تۆمەتی گێرەشێوێن‌و ئاژاوەچییان درایە پاڵ‌و دواتر دوای هەشت ڕۆژو لەبەر تورەیی خەڵك‌و ئیحراجبوونی دەسەڵات، ئازادكران‌و نەشتوانرا ئەو تۆمەتانەیان بەسەردا ساغكرێتەوە كەدرابووە پاڵیان. یەكێك لەوانەی گیرا برادەری من بوو، ئەو ڕۆژە من لەفەرمانگەكەی خۆمبووم زەنگی بۆدام وتی: وەرە لای سەرا چاوەڕێت دەكەم. چوومە پاسەوەو گەیشتمە لای سەرا بینیم برادەرەكەم لەگەڵ دوو مروورردا قسەی دەكرد، تاپاسەكە وەستاو هاتمە لای سەرا برادەرەكەم دیار نەبوو، دوای هەشت ڕۆژ لەئاسایشی سلێمانیەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوە. لەوێ وتبوویان تۆ ئاژاوەچیت‌و ئەو هەرایە تۆ سەرپەرشتیت كردووە. منی دەبەنگ نەمزانیبو ئەو برادەرەم بەشیری قۆدی زڕبرای زەرقاوی‌و حەمزەی موهاجیرە.!

ئەو برادەرەم وتی لەحەوشەی ئاسایشی سلێمانیدا وتویانە ئەوەی كارمەندی حكومەتە جیابێتەوەو دوای جیابوونەوە یەكێك لەجوامێرەكانی ئاسایش قیژاندبوی بەسەریاندا(هەمووتان خائین‌و نمەك حەرامن چونكە هەر مانگێ حەوتسەد تا هەشت سەد هەزار دینار لەحكومەت وەردەگرن، كەچی واش ئاژاوە دەنێنەوە) بۆ زانیاریتان ئەو برادەرەی من سەدو بیست هەزار مووچەكەیەتی، كاكی ئاسایش وادەزانی پارەكە حزب‌و حكومەتەكەی ئەو بەكۆڵكێشی‌و سواڵ پەیدای دەكات‌و دەیداتە خەڵك. دوای گەڕانەوەی برادەرەكەم بۆ فەرمانگەكەی خۆی مووچەكەیان بیست ڕۆژ دواخست‌و دواتریش بڕیارێكی پارێزگاری سلێمانیان پێدەگات كەدەڵێ ئەو كارمەندەی بەشداری ئەو گێرەشێوێنییەی كردووە (10) ڕۆژ قەتعە ڕاتبی كەن. ئالێرەوە ڕووی جوانی ئەم حكومەتە دەردەكەوێت. ئاخر پارێزگار چ پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە هەیە؟ ئاسایش خۆی ئازادی كردووەو وازی لێهێناوە، دواتر ئاسایش نەیاتوانیوە بیسەلمێنێ كە بەڕاستی ئەو كەسە ئاژاوەچییە یا بەكرێگیراوی وڵاتێكی تر.

باشە پارێزگار بۆ سنورێك بۆ گرانی ناوبازاڕو نرخی سووتەمەنی‌و كرێی خانوو دانانێت؟ ئایا ئەوانە كاری پارێزگارن یان نانبڕینی خەڵكێكی ئاسایی؟ ئەمە دیموكراسی‌و مافی بەشەرە حكومەت پەیڕەوی دەكات یان دووبارەكردنەوەی مەهزەلەكانی ستالین‌و؟ گەر بڕیارە هەویرەكەتان ئاوی زیاتر بكێشێ تكایە پێمان بڵێن.؟ لەوەتەی پارێزگار بەدەنگی خەڵك لەو شوێنە دانراوە ئەمە یەكەمجارە بڕیارێكی جێبەجێبكرێت ئەویش دژی ئەو خەڵكەی كە بەناخێری گیانیان دەنگی خۆیان داوەتێ، ئەی ئافەرین پارێزگار ئەوها دەبێت پارێزگاریكردن لەخەڵك.

jabardllopa@yahoo.com

هەرێم یاسین

# من و شیعر ئاوێتەیەكی منالێن



پ/ وەك شاعیرێكی لاو چۆن دەڕوانیتە شیعری لاوەكانی ئەمڕۆ؟

و/ مەسەلەی گەنج‌و شیعر مەسەلەیەكە ئێستا لای هەمووان بۆتە پرسیار، بائێمەش بڵێین بۆ بۆتە پرسیار؟ ئەوەی تا ئێستا من ڕەچاوم كردووە لەگەنجی ئەمڕۆدا كەجێگەی ئاماژە بۆكردن بێت ئەوەیە، عەشق تەوەری سەرەكی ئەم لێشاوە شیعرییە، دوای ئەوەش چاولێكەری. دەبینین كوڕێكی عاشق گیرۆدەی كیژێك بووەو دەیەوێت بەهەر وەسیلەیەك بێت شەیدایی خۆی بۆ بەیان بكات، ئەو وەسیلەیەش شیعری نەگبەتە. كە بۆزۆر كەس ئاسانە دەستی بگرێت، ئەتوانم بڵێن ناهەقیشی نییە لەبەر ئەوەی ئەو شیعرانە هەڵقوڵاوی ناو عەشقێكە كەلای خاوەنەكەی جوانترین پێناسەیە بۆ بەرامبەر.

پ/تاچەن توانیوتە شاعیری بوونی خۆت بسەلمێنی؟

و/ ئەتوانی خۆت وەلامی ئەوبدەیتەوە، تۆی خوێنەر دادوەری شیعرەكانی منیت، شاعیر بوون ئەركێكی زۆر قورسە كاتێك تۆ شاعیر بوونی خۆت ئەسەلمێنی كەبتوانی لەرۆژگارەكانی گەلەكەت لەگەڵ هەموو ئازارەكان ڕوو بەڕوو ببیتەوە هەمیشە ئامادەیی خۆت هەبێت، بەلاّم ئەوەی من كردوومە زیاتر لەتەوەری عەشقدا خۆی ئەبینێتەوە، وەك پێویست كارم لەسەر هەموو چینەكانی كۆمەڵگە نەكردووە، نامەوێت هۆكاری ئەو مەسەلەیەش باس بكەم لەبەر ئەوەی كاتێكی زۆری ئەوێت، تۆش داوای وەلامی كورت ئەكەیت،

پ/ ئەو وەختەی شاعیر پەی بەجوانیە شاراوەكان ئەبات، ئاراستەیەكی تری ژیان وەرناگرێت؟

و/ من نالێم شاعیر بەڵكو هەموو ئەوانەی هەستێكی داهێنەرانەیان تیا كۆبۆتەوە، لەرۆژەكانی ژیاندا.

تۆ كە ئالودەی هەرمەبەستێك بیت زیاتر درك بەجوانییەكانی دەكەیت‌و لەگەڵ پرسیارەكاندا دەژیت، شاعیریش لەبەردەم ئاوێتەی خەیاڵدایەو خەیاڵیش بەدوای بكەر وێڵە بەشوێن جوانییە شاراوەكاندا، من ئەڵێن شاعیر پێش ئەوەی خاوەنی ئەم ناوە بێت لەگەڵ جوانییەكاندا ژیاوە بۆیە تۆماری كۆمەڵێك وێنەی نەبینراو بۆتۆی خوێنەر دەكات.

پ/هەست ناكەی دەست كردن بەكاری ئەو گۆڤارەی ئێستا بەڕێوەی ئەبەیت، دووری خستبێتیەوە لەشیعر؟

و/ بەراستی كاركردن لەگۆڤارێكی بەوشێوەیە ئەتوانم بڵێم نەك لەشیعر دوورت دەخاتەوە، بەڵكو لەزۆر بواری ناو كۆمەلّگە داتئەبڕێت،

راستە من هەموو ژیانی خۆم بۆ ئەو گۆڤارە دابین نەكردووە بەلاّم كاتێكی زۆری لێسەندومەتەوە وە كاردانەوەی هەبووە لەسە شیعرەكانم كەنەتوانم فەراغێكی زۆر بۆشیعر دابنێم، منو شیعر ئاوێتەیەكی منالّیین.

پ/ ئەی بۆ چەن سالّێكە هیچ بەرهەمێكی شیعریت ناكەوێتە بەردەستی خوێنەر، یان هیچ كۆڕێكی شیعریش ساز ناكەیت؟

و/ نەبوونی بەرهەمی شیعری تازەی من ئەمیان پەیوەست نییە بەگۆڤارەوە بڕیارێكی خۆمە كە ئیتر لەدایك بوونی بەرهەمێك چەندین سالّ بخایەنێت تابتوانم ئەو كارەی پێشكەشی خوێنەری دەكەم كارێك بێت مێژوو قبولّی بكات، ئەمەوێت ئیتر شیعرەكان ئاراستیەكی تر وەرگرن، تاوەكو خوێنەر ناوی بنێت شیعر، نەك دوای خوێندنەوەیان فەرامۆش بكرێن‌و وێنەیەك لای خوێنەر جێ نەهێلّن.

بەراستی كۆڕی شیعری ئەبوایە زۆر جێگەی گرنگی خوێنەر بوایە، لەبەر ئەوەی تۆ رووبەڕووی خوێنەر ئەبیتەوە تائاخاوتنێكی ئەدەبیانە بێتە ئاراوە، بەلاّم بەداخەوە لەزۆربەی كۆڕە شیعرییەكانمدا جگەلەپرسیاری دووبارەو تایبەت بەژیانی خۆتەوە پرسیارێكی وەها ناكرێت باگراوندێكی فكری‌و مەنتقی لەپشتەوە بێت.

پ/ لەشیعرەكانتا رەشبینییەكی زۆر بەدی ئەكرێت، ئەمە رەنگدانەوەی واقیعە یان ویستی شاعیرە؟

و/ئەمە زۆر راستە، بەلاّم ئەتوانم بلّێم ویستی خۆمەو ئەوەندی چێژ لەشیعرێكی غوربەتی ئەبینم لەوەسفدا نایبینم. رەنگە خوێنەریش دابڕانێك بیان هەژێنێت نەك وەسف، بۆیە هێندە جەخت لەسەر دابڕان‌و دووری ئەكەمەوە.

**دیدار/ رۆژگار**

# شانازی بە جوانیەكەمەوە دەكەم



نوف كە گۆرانیبێژێكی تازە هەڵكەوتووی وڵاتی كوێتە لەدوایین دیمانەی خۆیدا رایگەیاندووە كە ئەو شانازی بەوە دەكات كە یەكەمین گۆرانیبێژی كوێتیە كە لەڤیدیۆ كلیپەكانی‌دا سەرنجراكێشانە سەما دەكاو خۆی دەنوێنێ، ئەو خۆی بەگۆرانیبێژان رۆبی، هەیفا دەچوێنێ‌و دەڵێ: من جوانم هەربۆیەش پرۆسەی جوانكاری ناكەم‌و دەمووچاوی خۆم دەستكاری ناكەم، بەو هۆیەوە شانازی بەجوانیەكەی خۆم دەكەم. لە لایەكی ترەوە نوف ئاشكرای كردووە كە خزم‌و ناسیاوانی داوای لێدەكەن كە ناوەكەی خۆی بگۆڕێ‌و ناوێكی سەرنجراكێشتر هەڵبژێرێ، بەلاّم ئەو نایەوێ چونكە لەسەركێشی ناوی خۆی گۆرانی نالّێ، بەلّكو لەسەر كێش‌و ئاوازی هۆنراوەكان گۆرانی دەلّێی

# بچووكترین منداڵ



ئەم منداڵە لەكاتی بوونیدا درێژیەكەی نەدەگەیشتە 10 سم، بەمەش وەك بچووكترین منداڵی جیهان ناسرا، درێژی منداڵی ئاسایی لەكاتی لەدایك بووندا لەنێوان 50– 75 سم دایەو كێشیشیان لەنێوان 2–5 كگم، بەڵام ئەم منداڵە بە بەراورد لەگەڵ منداڵێكی ئاسایی لانی كەم 5 جار بچووكترە.

# منداڵێكی 3 ساڵە ئۆتۆمۆبیلێك بە 14 هەزار دۆلار دەكڕێ

هەواڵەكان: منداڵێكی 3 ساڵەی ئەمریكی بە ناوی جاك نیل ئارەزووی لەیستۆك‌و ئۆتۆمۆبیلی منداڵانەی هەیە. دایك‌و باوكی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەو لەیستۆكانەی بۆ داوا دەكەن، كاتێ دەگەن ئەوجار پارەكە دەدەن. ئەو منداڵە بە لاسایی كردنەوەی دایك‌و باوكی دەچێتە ناو ئینتەرنێت‌و ماوسی كۆمپیتەرەكەی لەسەر ئۆتۆمۆبیلێكی 14 هەزار دۆلاری دادەنێ. دوای هەفتەیەك كۆمپانیاكە ئۆتۆمۆبیلەكەی بۆ ڕەوانە دەكەن‌و داوا دەكەن بە زووترین كات ئەو 14 هەزار دۆلارە بدەن، دایك‌و باوكی جاك لە هاتنی ئەو ئۆتۆمۆبیلە سەریان سوڕدەمێنێ‌و نازانن چۆن پارەكە بدەن، بە تەلەفۆن كۆمپانیاكە ئاگادار دەكەنەوە كە ئەوان داوای لەو بابەتەیان نەبووە، كۆمپانیاكە پێیان ڕادەگەیەنێ كە فلانە ڕۆژو فلانە چركە لە ڕێگەی هێڵی ئینتەرنێتی ئێوەوە ئەو داوایە كراوە، سەیرمان كردووە ئێوە كڕیاری هەمیشەیین بۆیە بە زووترین كات ڕەوانەمان كردووە. ئەوان بێئاگایی خۆیان پێشان دەدەن، بەڵام جاك ئاشكرای دەكات كە ئەو داوای كردووەو دەبێ بۆی بكڕن. كۆمپانیاكە هەست بە هەڵەی خۆی دەكات بۆیە ئۆتۆمۆبیلەكە دەباتەوەو داوای یاسایی لەسەر دایك‌و باوكی جاك تۆمار ناكات.



# خاڵۆ ئەواكس دەڵێ

* بەرپرسێك لە گەڕەكی كوردستانی شاری هەولێر دادەنیشێ، بەبێ مۆڵەتی شارەوانی خانووەكەی خۆی كردۆتە دوو قات، لیژنەی سەرپێچی چووبوون تا گلەیی بكەن كە چۆن بەبێ مۆڵەت ئەو كارە كراوە، كاكی بەرپرس لە جیاتی داوای بووردن بكات، بە تووڕەییەوە هەڕەشەی لێكردبوون ئەگەر نەڕۆن‌و وەل نەبن بەس خۆی دەزانێ چیان بەسەر دێنێ!!.

* خزمی بەرپرسێك مردبوو، خەڵكەكە لەسەر گۆڕستان ڕاوەستابوون‌و مەلاش خەریكی تەلقین دان بوو، كاكی بەرپرس حەوسەڵەی ڕاوەستانی نابێ‌و بەسەر مەلادا هاوار دەكات‌و دەڵێ: ( مەلا لە كورتی بیبڕەوە، كاتی ئەوەمان نیە گوێ لە تۆ بگرین). مامۆستاش هەست بە سووكایەتی پێكردن دەكات، یەكسەر شوێنەكە بە جێدیلێ. ئامادەبووان نارەزایی دەردەبڕن، بەلاّم ئەو گوێ بە كەسیان نادات‌و دەڵێ با بڕوات‌و ملی خۆی بشكێنێ!!.

* خەڵك لە تاو نەبوونی ئاو و كارەباو سووتەمەنی هاواریان لێ بەرزبۆتەوەو كەس وەلاّمیان ناداتەوە، كەچی ڕۆژنامەنووسێك ڕەخنە لەوە دەگرێ كە خۆلیڤانك (تەنەكەی زبڵ)ەكانی ناو شار شكاون‌و شارەكە بەرەو پیس بوون دەڕوات!!.

* دزێكی زیندانی لە یەكەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا بە بیانۆی ئەوەی لەگەڵ ماڵەوەیاندا ڕۆژوەكەی دەشكێنێ، خۆی كرد بە دیاری‌و خۆی ئازاد كرد، ببوورن لەدەست پۆلیس ڕایكردو دەربازی بوو. نازانم دادوەر ئەو پۆلیسە لە جێگەی ئەو دزەدا زیندانی كردۆتەوە یان نا؟!!.

* سەرم لەو ڕازە دەرناچێ كە بۆچی هەموو ساڵێك لەگەڵ كردنەوەی دەرگەی فێرگەكاندا وێنەكانی سەدام بەسەر فێرخوازاندا دابەش دەكرێنەوە؟!، باشە وەزارەتی پەروەردە نووستووە یان حكومەت یان.......؟!.

**Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK**

ROJI GEL

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونكەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. 07301113061

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیكترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com